ڤلادیمیر پوتن بە خولی پێنجەم وەک سەرۆکی ڕوسیا سوێندی یاسایی خوارد

ڤلادیمیر پوتن ئەمڕۆ سێشەممە بە خولی پێنجەم وەک سەرۆکی ڕوسیا سوێندی یاسایی خوارد،

ڤلادمیر پوتن سەرۆکی روسیا لە دوای سوێندی یاسایی لە کۆشکی کرەملنەوە ڕایگەیاند، "روسیا خاوەن گەلێکی یەکگرتو و مەزنە، پێکەوە بەسەر هەمو بەربەستکان سەردەکەوین و پلانەکانمان جێبەجێ دەکەین و سەردەکەوین."

سەرۆکی روسیا ڕایگەیاند، "پێکەوە بەسەر هەمو بەربەستکان سەردەکەوین، ئێمە گفتوگۆ لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا ڕەتناکەینەوە، بەیاریش بە دەست ئێوانە، دەیانەوێت ڕەگەی هەماهەنگی و ئاشتی بدزنەوە، یان بەردەوامبن لە گەمارۆدان و فشارکردن لە روسیا."

ئەوەشی خستەڕو، "داوا لە جەماوەری روسیا دەکەم هەمو کات باجی پێکدادان و ئاڵوزییە ناوخۆییەکانیان بیر بێت، پێویستە روسیا بەهێز و بەرهەڵستکار بێت بە روی هەر ئاڵنگاریی و هەڕەشەیەک، وە بەردەوام دەبین لە بەدەنگکردنی ڕەخنەگران."